# چەند زانیارییەک و خوێـــ
# هـــەردوو یـــانەی هەولـــ

لای هەمـوو کەسێك روون و ئاشکرایە کە رۆژی چوارشەممە یانەی هەولێر یارییەکی زۆر گرنك بەرامبەر یانەی غەرافەی قەتەری ئەنجام دەدات ئێمەش بۆ گرنگی ئەم یارییە بە پێویستمان زانی چەند زانیارییەك دەربارەی هەردوو یانە ئاشکرا بکەین .

**یانەی وەرزشی هەولێر**

یانەی وەرزشی هەولێر لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوە و سەرۆکی یانە دکتۆر عەبدوڵلا مەجیدە، ڕاهێنەری یانە ئەکرەم ئەحمەد سەلمانە، کاپتن عومەر مەجید یاریدەدری ڕاهێنەرە، کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵچی یانەی هەولێرە، یانەی هەولێر چەندین یاریزانی بە توانای هەیە و ئەو یاریزانانەی کە بەشداری لەم پاڵەوانیەتییە دەکەن.

**گۆڵچی:**

دیدار حامید و سەرهەنگ موحسین و سەردار

**یاریزانەکان:**

سەلاحەدین سیامند، ڕافد بدرەدین (کاپتن)، سەلام شاکر، یاسر ڕەعد، ساماڵ سەعید، شوان مامۆ، کەیفی عەبدولرحمان، ویسام زەکی، حەیدەر سەباح، شیرزاد، دارا، ئوسامە عەلی، کارزان، ئەحمەد سەلاح، موسلیم موبارك، لوئەی سەلاح، عەلا نیرۆز، ئەحمەد عەبد عەلی کوبی.





دەستکەوتەکانی یانەی هەولێر تەنیا یەکجار توانی پاڵەوانیەتی خولی عێراق بە دەست هێنا ئەویش کە پار ساڵ بوو و هەروەها یانەی هەولێر پار ساڵ بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی کرد، بەڵام هەر لە خولی یەکەم ماڵئاوایی لەم پاڵەوانیەتیە کرد دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی ئیسماعیلی میسری تووشی دۆڕان هات لە هەردوو یاری.

**یانەی غەرافەی قەتەری**

لە ساڵی ١٩٧٩ لە ناوچەی غەرافە لە شاری دوحەی پایتەختی قەتەر دامەزرا و یەکەم سەرۆك یانەی غەرافە خەلیفە بن فەهەد محەمەد بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ یەکەم جار بەشداری لە خولی پلە دووەکانی قەتەری کرد و لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری لە خولی پلە یەکەکانی قەتەری کرد، یەکەم ڕاهێنەر کە بووە ڕاهێنەری یانەی غەرافە ئیبراهیم محەمەد عەلی بوو کە ڕەگەزنامەی سودانیە

# ـــــندنەوەیەک دەربارەی یاری
# ـــــێر و غەرافەی قەتەری



و یەکەم ڕاهێنەری پێشــەگەر کــە یانەی غەرافە بۆندی لەگەڵ مۆرکرد ڕاهێنەری میســری مەحمود ئەبو ڕجێلە بوو.

دەستکەوتەکانی

١- پێنــج جــار خولی قەتەری بە دەســت هێناوە لە ساڵەکانی ( ١٩٩١-١٩٩٢)، ( ١٩٩٣-١٩٩٤)، (١٩٩٧-١٩٩٨)، (٢٠٠١-٢٠٠٢)، (٢٠٠٤-٢٠٠٥).

٢- شــەش جار جامــی قەتەری بە دەســت هێناوە لە ســاڵەکانی(١٩٩٤-١٩٩٥)، (١٩٩٥-١٩٩٦)، (١٩٩٦-١٩٩٧)، (١٩٩٧-١٩٩٨)، (١٩٩٨-١٩٩٩)، (٢٠٠١-٢٠٠٢).

٣- یەك جار توانی جامی یانەکانی عەرەبی کە ئەوانی پاڵەوانی جامی وڵاتەکانیانن بە دەســت هێنا لە ســاڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠).

یانەی غەرافە یاریگایەکــی گەورەی تۆپی پێی هەیە کە جێگای (٢٧) هەزار کەس دەبێتەوە، هەروەها هۆڵێکی داخراوی هەیە بۆ گشت یارییەکان کە جێگای (٣) هەزار کەس دەبێتەوە.

ئێســتا (حمد بن ثامر محمد آل ثانی ) سەرۆکی یانەی غەرافەیــە و ڕاهێنەر بەرازیلی مارکۆس باکیتا ڕاهێنەری یانەی غەرافەیە و ئەمەی خوارەوەش لیستی یاریزانەکانە کە بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییە دەکەن.

عوســمان عەســاس، ئەنس موبارك، یونس مەحمود، عەبدوڵڵا عەیال، عادل جەدوع، عامر دۆســری، ئەحمەد فارس، مســتەفا عابدی، حامید شــامی، عەلی فەتح، محەمەد ئەلحاج، ســعود ســەباح ئەلشــمری، محەمەد عەبدلعزیز، نایف عنێزی، محەمەد شاکر، محەمەد سالم، حەمەد نصیر، عەبدولعزیز عەلی، بیلال محەمەد، سەعەد سەتام شەمری، فهید سەتام شەمری، صغیر مفلح شەمری، کلیمرسۆن، محەمەد حارس، عەبدولعزیز محەمەد، عەبدوڵڵا شەمری، ڕاشد غوفرانی، حافز حوسێن.

بــەو هیوایــەی یانەی وەرزشــی هەولێر لــەم یارییە ئەنجامێکی باش بە دەســت بێنێت کە دڵی جەماوەرکەی خۆش بکات.




# وەرزشوانانی هەولێر چۆن دەڕواننە یاری نێوان هەولێر و غەرافەی قەتەری؟

***لای هەموو کەسێك ئاشکرایە کە یانەی هەولێر ڕۆژی چوارشەممە لە یاریگای ئەمیر محەمەد لە شاری زەرقای ئوردن یەکەم یاری خۆی بەرامبەر یانەی غەرافەی قەتەری ئەنجام دەدا، کە بۆ یەکەم جار بەشداری لەم پاڵەوانیەتییە دەکات، ئێمەش بۆ گرنگی ئەم یارییە بە پێویستمان زانی ڕاوبۆچوونی چەند وەرزشوانێکی شاری هەولێر وەربگرین دەربارەی ئەم یارییە، ئەوانیش بەم شێوەیە هاتنە وەڵام.***


عەبدوڵڵا مەحمود


جەلال پەرێشان


هەڵۆ ئەحمەد


وریا محەمەد

**سەرەتا ڕاهێنەری بەناوبانگی شاری هەولێر عەبدوڵڵا مەحمود بەم شێوەیە هاتە وەڵام و گوتی:**

هەموو خەڵکی شاری هەولێر و عێراق بە پەرۆشی چاوەڕوانی ئەم یارییە دەکەن، دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی یانەی هەولێری دا بەو هیوایەم یانەی هەولێر ئاستێکی باش نیشان بدات لەم یارییە، یانەی هەولێر ئۆردوگایەکی مەشقی لە ئوردن ئەنجامدا و چەندین یاری دۆستانەیان ئەنجامدا بەو هیوایەی کە سوود لەم مەشقە وەربگرن و دیارییەك پێشکەش بە خەڵکی شاری هەولێر بکەن، ئەنجامی یاری یەکەم زۆر گرنگە بۆ هەر یانەیەك من ناتوانم پێشبینی ئەنجامی ئەم یارییە بکەم، بەڵام من هیوادارم کە یانەی هەولێر بە ئەنجامێکی باش بردنەوە بە دەست بێنێت.



**دواتر جەلال پەرێشان ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

ڕاستە یاریزانی بە توانا خەلدون ئیبراهیم تووشی پێکان هاتووە و بەشداری لەم یارییە ناکات، بەڵام ئەگەر یانەی هەولێر نێوەی ئەو ئاستەی خۆی کە لە یارییە دۆستانەکان نیشاندا کە لە ئوردن ئەنجامی دا بەرامبەر یانەی غەرافە ئەم یارییە بکا ئەوە زۆر بە ئاسانی بردنەوە بە دەست دێنێت، ڕاستە یانەی غەرافە یەکێکە لە بەهێزترین یانەکانی قەتەر، بەڵام بەرامبەر یانەی هەولێر ناتوانی ئەو ئاستە نیشان بدات، ئەگەر یانەی هەولێر لە یاری یەکەم بردنەوە بە دەست بێنێت ئەوە من دڵنیام کە لە هەردوو یاری داهاتوو ئەنجامی باشتر بە دەست دێنێت، یانەی هەولێر ئەوەشی سەلماند کە هەردەم لە دەرەوەی کوردستان و عێراق زۆر باشتر یاری دەکەن و ئەنجامی زۆر باشتر دەبێت و یاریزانەکانی ئێمە هیچیان لە یاریزانەکانی یانەکانی تری ئاسیا کەمتر نییە، ئەنجامی یانەی هەولێر لە یاری یەکەم زۆر دڵخۆشکەر دەبێت.

**پاشان هەڵۆ ئەحمەد دزەیی وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر سەبارەت بەم یارییە بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

ئێمە دەمێکە چاوەڕوانی ئەم پاڵەوانیەتیە دەکەین بۆ ئەوەی بەشداری تیاییدا بکەین، یانەی هەولێر خۆی زۆر باش ئامادە کردووە بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە و هەروەها ئۆردوگایێکی مەشقی بۆ ماوەی دوو هەفتە لە وڵاتی ئوردن ئەنجام داوە و چەندین یاری دۆستانەی ئەنجام داوە کە ئاستێکی زۆر باشی نیشاندا لەم یارییانە، من چاوەڕوان دەکەم کە لە یاری یەکەم یانەی هەولێر بردنەوە لەم یارییە بە دەست بێنێت، چونکە یانەی غەرافە لە دەروەی یاریگای خۆی ئەنجام دەدا هەروەها هاندەرێکی زۆری عێراقی لە ئوردن هەیە و چاوەڕوان دەکرێ کە ئامادەی بینینی ئەم یارییە بن و هانی یانەی هەولێر بدەن، دوای ئەوەی یاریزان خەلدون ئیبراهیم تووشی پێکان هاتووە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەمان بۆ دروست دەکات و هەروەها تا ئێستا یاریزان لوئەی سەلاح ئیستغنای لە یانەی پیرۆزی وەرنەگرتووە و ناتوانی بەشداری لەم یارییە بکات تا ئیستغنا وەرنەگرێت و چاوەڕوان دەکرێت لەم چەند ڕۆژدا ئەم کێشەیە چارەسەر بێت بۆ ئەوەی بتوانی بەشداری لەم یارییە بکات، بە پێشبینی خۆم یانەی هەولێر بە ئەنجامی (١-٠) بردنەوە بە دەست دێنێت.

**دواتر سەلام حوسین ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی بروسك بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

هیوادارم یانەی وەرزشی هەولێر لەم یارییە ئەنجامێکی باش و شایستە بە دەست بێنێت بەرامبەر یانەی غەرافە کە ببێتە دەستپێکێك بۆ یانەی هەولێر تا بتوانی دەستکەوتێکی گەورە و مێژووی لەم پاڵەوانیەتیە بە دەست بێنێت، یاریزانانی یانەی هەولێر لە ئاستێکی بەرز دان بە تایبەتی دوای بەشداربوونیان لە پاڵەوانیەتی شای تایلاند کە توانی پلەی دووەم بە دەست بێنێت، لەو گرووپی کە یانەی هەولێر یاری تیاییدا دەکات یانەی غەرافە بەهێزترین یانەیە لەم گرووپە و هەروەها بەهێزترین هێڵی هێرشبەری هەیە و بە پێشبینی خۆم یانەی هەولێر بردنەوە لەم یارییە بە دەست دێنن.



**لە کۆتایشدا ڕۆژنامەنووس وریا محەمەد سەبارەت بەم یارییە گوتی:**

ئەم یارییە زۆر گرنگە بۆ هەردوو یانە، یانەی هەولێر خۆی بە باشی ئامادەکردووە بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە و ئۆردوگایەکی مەشقی ئەنجام داوە بە تەئکید ڕاهێنەری یانەی هەولێر سوودی لەم ئۆردوگایە وەرگرتووە، بە پێشبینی خۆم ئەم یارییە بە یەکسان بوونی هەردوو یانە کۆتایی دێت.

### ئەنوەر حمد راهێنەری یانەی ئارارات سەلاحەدین

# من وەکو خۆبەخشێک کار بۆ یانەی ئارارات دەکەم



**ماوەیەکە پۆستی راهێنەری یانەی ئاراراتی پێ سپێردراوە دوای ئەنجامە خراپەکان، بەڵام دوای دەستنیشانکردنی وەکو راهێنەری یانەی ئارارات ئەنجامی ئەم یانەی گۆڕی و ئەنجامەکانیشی بەرچاو بوو.**

*** چۆن بوو ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی ئاراراتی پێ سپێردرا؟**

- ئەوەی راستی بێت لەسەر بریاری دەستەی کارگێری یانە بوو کە بوومە راهێنەری یانەکە ئەمیش دوای ئەنجامە خراپەکانی راهێنەری پێشوو (کەریم جەواد) ئەوانیش وایان بە باش زانی کەوا من بۆ پۆستی راهێنەرایەتی دەست نیشان بکەن لە باروودۆخێکی خراپیشدا.

*** ئاستی یانەکەتان چۆن دەبینی؟**

- باش نییە.

*** هۆکاری چییە یانەکەتان بارووددۆخی خراپە؟**

- پێم گۆتی کە کاریگەری راهێنەری پێشووە.

*** کێشەکانتان زیاتر لەچی رەنگ دەداتەوە؟**

- تەنیا لە ناوبژیوانان ئەگەر نا لە هیچی تر کێشەمان نییە.

*** کار کردنت لەگەڵ یانەی ئارارات چۆنە؟ بە بۆندە یان بە خۆراییە؟**

- من وەکو دەستەی کارگێری لەو یانەیە کار دەکەم بێ بەرامبەر کار دەکەم هیچ کێشەیەکەم نییە بۆند یاخود موچە هەبێت یاخود نەبێت، من وەکو خۆبەخشێك کار بۆ یانەی ئارارات دەکەم.

*** لە خولی عێراق بەشدار نابن؟**

- لە خولی پلە یەکی عێراق بەشدار دەبین.

*** بە نیازن لە خولی عێراق یاریزان لە دەرەوە بهێنن؟**

- ئەگەر بهێنین ئەوە لە یاریزانە کوردەکان دەهێنین هیچ یاریزانێك لە دەرەوە ناهێنین.

*** ئێوە زۆر جار باسی ناوبژیوانان دەکەن کێشەتان چییە لەگەڵ ناوبژیوانان؟**

- ئەنجامە خراپەکانمان نیوەی بۆ ناوبژیوانان دەگەرێنمەوە و نیوەشی بۆ خۆمان.

*** ئەی بۆ چی یاریزانەکان دەڵێن یاریزانمان نییە؟**

- یاریزانمان نەقسی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی وا نییە هەندێکیش پێکانیان هەیە.

*** یاریزانتان نییە لە نێو شاری مەسیف بۆ پرکردنەوەی شوێنی ئەم یاریزانانە؟**

- هەموو یاریزانەکانمان خەلکی مەسیفن تەنیا چەند یاریزانێك نەبێت.

*** رات چییە بەرامبەر کارەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان؟**

- دەست خۆشیان لێدەکەم کە بەرنامەکانیان زۆر رێك و پێکە هیوادارم هەر وا بەردەوام بن.

**دیمانە: کارزان کانەبی**

# هۆی کشانەوەی یانەی هەولێر لە پاڵەوانیەتی



سەلاح هادی



بەسیم عیسا



کاکەجوان رەمەزان

**سەرەتا سەلاح هادی راهێنەری یانەی هەولێر بۆ تۆپی باڵە سەبارەت بە کشانەوەی یانەی هەولێر بەم شێوەیە هاتە وڵام:**

ئەوەی راستی بێت هۆی کشانەوەمان بۆ نەبوونی پارە دەگەرێتەوە، چونکە یانەی هەولێر دەبوایە بەشداری لە پاڵەوانییەتی یانەکانی ئاسیا بۆ تۆپی پێ بکات یانیش بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی بکات لە تۆپی باڵە، بۆیە دەستەی کارگێری یانە بریاری بەشدارینەکردنی لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبیدا، ئەمەش بە هۆی نەبوونی بودجەی تایبەتی خۆی دەگەرێتەوە، ئاستی تۆپی باڵە لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی دابەزیوە ئەو ئاستە نییە کە بتوانی ئەنجامی باش لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی عێراق بە دەست بێنێت، ئەمەش بۆ لاوازی خولی عێراق دەگەرێتەوە، هەروەها نەبوونی یاریزانی لاوی باش لە یانەکانی عێراق، بەڵام ئەگەر سەیری یانەی هەولێر بکەین دەبینین کە زۆربەی هەر زۆری یاریزانەکانی لاون و سەیری دوا رۆژ دەکەن، هەروەها گشت یاریزانەکانمان خەڵکی شاری هەولێرن و بۆندمان لەگەڵ هیچ یاریزانێك لە دەرەوەی عێراق مۆرنەکردووە بە پێچەوانەی یانەکانی تر کە بۆندیان لەگەڵ یاریزانەکانی شاری بەغدا مۆرکردبوو، من لە سەرەتاوە بە دەستەی کارگێری یانەی هەولێرم راگەیاند ئەگەر بەشداری لەم یارییە بکەین ئەوە بە یاریزانەکانی کورد و لاو بەشداری دەکەین، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە، هەروەها وەزارتی وەرزش و لاوان رەزامەندی خۆی نیشان نەدا کە بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەین بۆیە کشانەوەی خۆمان راگەیاند، ئەگەر ئێمە بەشداریمان لەم پاڵەوانیەتیە بکردبا ئەوە ئەنجامەمان باش نەدەبوو چونکە ئەو یانانەی کە بەشداریان کرد لەم پاڵەوانیەتیە زۆر بەهێز بوون، هەروەها بۆندیان لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگریش مۆرکردبوو، ئێستا ئێمە لە کارەکانی خۆمان بەردەوامین و یاریزانەکانمان هەموویان لاون بە رۆیشتنی کات یانەی هەولێر سوودمەند دەبێ و دەبێتە بەهێزترین یانەی عێراق و کوردستان و دەبێ رۆژنامەکان پشتگیری لە وەرزش بکە و چاك و خراپیەکان هەموو بە دیار بخەن بۆ ئەوەی ئەم کەمتەرخەمانە بگاتە بەرپرسەکانی وەرزشی بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری بکەن و دەستەی کارگێری یانەی هەولێر زۆر زیرەکانە پلان بۆ دوا رۆژ دادەنین و گشت ئەندامەکانی ئەکادیمین واتە دەرچووی کۆلێژن ئەمەش زۆر گرنگە بۆ هەر یانەیەك بۆیە ئەگەر هەر راهێنەرێك بێتەجێگای من ئەوە هەمان رێگای من تەواو دەکات، کاتێك کە من بوومە راهێنەری یانەی هەولێر لە یاری تۆپی باڵە ئەم یانەیە تەمەنی یاریزانەکانی زۆر گەورە بوون، بەڵام ئێستا ئەگەر سەیری یاریزانەکان بکەی ئەوە هەمووی لاون و ئاستیان زۆر باشە و لە چەندساڵی داهاتوو من گرێنتیت دەدەمی کە یانەی هەولێر دەتوانی خولی عێراق بە یاریزانە کوردەکان بە دەست بێنێت بێ ئەوەی بۆند لەگەڵ هیچ یاریزانێکی دەرەوەی هەولێر مۆر بکات.

**دواتر یاریدەدەری راهێنەری یانەی هەولێر بەسیم عیسا بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

هۆیەکی سەرەکی هەیە بۆ کشانەوەمان لەم پاڵەوانیەتیە دوای ئەوەی یانەی هەولێر گشت پێداویستیەکانی خۆی بۆ بەشداری کردنی لەم پاڵەوانیەتیە ئامادەکردبوو تەنیا رەزامەندی وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مابوو بۆ سەرفکردن بۆ ئەم گشتەمان، بەڵام بەداخەوە بە هۆی سەفەر کردنی جەنابی وەزیر بۆ دەرەوەی کوردستان لە وەزارتی وەرزش و لاوان کەس نەیتوانی لەجیاتی وەزیری




**چەند رۆژێك پێش ئێستا لە شاری بەنغازی لیبی و بە بەشدار بوونی چەندین یانەی بەهێزی عەرەبی کۆتایی بە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی لە تۆپی باڵە هات، کە وا چاوەروان دەکرا هەردوو یانەی هەولێر و بەحری نوێنەرایەتی عێراق بکەن لەم پاڵەوانیەتیە،**

وەرزش و لاوان بریار بدا بۆیە نەمانتوانی بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەین، چەندین جار گویمان لێبووە کە ئێمە بە هۆی ئاست نزمی یانەکەمان بەشداریمان لە پاڵەوانیەتیە نەکردووە ئەمەش راست نییە، چونکە هەر یانەیەك لە عێراق بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەن ئەوە ناتوانن ئەنجامی باش بە دەست بێنن چونکە یانەکانی عەرەبی زۆر بەهێزن، هەروەها نەبوونی یاریزانی پیشەگریش کاریگەرییەکی زۆری هەیە، چەندین هۆکار هەیە کە ئاستی یاریزانەکانمان پێش ناکەوێت ئەویش یاریزانەکانی کوردستان کاتیان تەنیا بۆ وەرزش نییە، بەڵکو کاتیان بۆ چەند بەش دابەش کراوە وەك خوێندن و کار و چەندین شتی تر هەروەها کەل وپەلی تایبەت بەم یارییە لە کوردستان و هەروەها حەزی یاریزانەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی لەم یارییە، نەبوونی هۆڵی شیاو بەم یارییە و دابین کردنی ئۆردوگای مەشقی تایبەت بەم یارییە و چەندین هۆی تر ئەگەر ئەم شتانە دابین بکرێت ئەوە ئەم یارییە لە کوردستان زۆر پێش دەکەوێت چۆن بایەخ بە تۆپی پێ دەدەن ئەوهاش با بایەخ بە یاری تۆپی باڵە بدەن، داواکارم کە پشتگیری تەواومان بکەن بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان بە شێوەیەکی باش.

**پاشان کاکە جوان رەمەزان یاریدەدری راهێنەری یانەی وەرزشی هەولێر زیاتر تیشکی خستەسەر ئەم بابەتە و گوتی:**

هۆی بەشداری نەکردنمان بۆ نەبوونی پارە دەگەرێتەوە هەر چەندە

# یانەکانی عەربی لە تۆپی باڵە بۆ چ دەگەڕێتەوە



**بەڵام بەشـێوەیەکی زۆر سـەیر یانەی هەولێر کشانەوەی خۆی لەم پاڵەوانییەتیە ڕاگەیاند بە بیانووی نەبوونی بودجە، ئێمەش بۆ زانینی هۆی ئەم کشانەوەی بە پێویستمان زانی ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەین.**
**ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی**

یانەکەمان ئاسـتی زۆر بەرزە و یاریزانـی بە توانامان هەیە، ڕۆژانە مەشـقی خۆمان ئەنجامدەدا بۆ بەشـداریکردنمان لەم پاڵەوانیەتیە، هەروەها سەرپەرشـتیاری تیپ دکتۆر ئازاد بەڵێنی ئەوەشـی دابوو ئەگەر بەشـداری لـەم پاڵەوانیەتیە بکەین ئەوە بۆنـد لەگەڵ دوو یاریزانی پیشـەگریش مۆر دەکات بۆ بە دەست هێنانی ئەنجامێکی باش، بەڵام یانەی هەولێر تووشـی قەیرانێکی گەورە هات کە ئەویش نەبوونی پارە بوو ئەمە کاریگەری لە ئێمەش کرد، ئێمە پار ساڵ زۆر خۆمان ماندوو کرد تاکو بتوانین لە خولی عێراق پلەی یەکەم بە دەست بێنین و بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکانی یانەکانی عەرەبی بکەین، ئێمە توانیمان بەرهەمەکە بێنین ئەویش بە دەست هێنانی خولی عێراق بوو، بەڵام نەمان توانی بیخۆین ئەویش بەشداری نەکردنمان لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبە، دەبێ بەرپرسـەکانی وەرزشـی غەمێك لەم کێشانە بخۆن، چونکە وەرزش لە هیچ شتێکی تر کەمتر نییە.

**دواتر کاپتنی یانەی وەرزشـی هەولێر وەلید عارەب عوسـمان بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن و گوتی:**

هۆی کشـانەوەمان بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوە کە وەزارتی وەرزش و لاوان ڕەزامەندی خۆی نیشـان نەدا کە بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەیـن و وەزیری وەرزش و لاوان تەها بەرواری سـەفەری دەرەوەی کوردسـتانی کرد، ئەمەش بووە هۆی لە دەستدانی ئەم پاڵەوانیەتیە گەورەیـە، هەروەهـا وەزارتی وەرزش و لاوان زیاتـر بایەخ بە یاری تۆپی پێ دەدا نەك یاری باڵە ئەمەش هۆکارە کە ئەم یارییە ئاستی بەرزتر نەبێت لە کوردسـتان، با بزانین ئەگەر بەس یاری تۆپی پێ لە کوردسـتان هەیە با یارییەکانی تـر تێك بدەن و هەر کەس بچێتە ماڵی خۆی باشـترە، چونکە هیچ بایەخێك بەم یارییە و یارییەکانی تر نادرێت، بەشـدارنەکردنی یانەی هەولێر لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سـەر ئێمە وەکو یاریزانەکان، چونکەئەمسـاڵ لە قۆناغی یەکەمی خولی عێراق توانیمان پلەی یەکەم بە دەسـت بێنین، بەڵام هیچ گرنگ نییە بۆ ئێمەی یاریزان کە ئایا یەکەم دەبین یان سێیەم یان دەیەم دەبین، چونکە پارساڵ ئێمە یەکەم بووین لەسەر ئاستی عێراق کەچی بەشداریمان لەم پاڵەوانیەتیە نەکرد بۆیە هیچ کاریگەری بۆ ئێمە نییە کە ئەمساڵ پلەی چەندەم بە دەسـت دێنین، داواکاریم ئەوەیە کە زیاتر بایەخ بە یارییەکانی تر بدەن و هەموو بە یەك چاو سەیر بکەن.

**پاشان ئەحمەد شـەهاب ئەحمەد یاریزانی یانەی هەولێر لە تۆپی باڵە گوتی:**

بەهـۆی نەبوونی بودجە نەمانتوانی بەشـداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەین ئەم ماندوو بوونەی ئێمە لە مەشـق کردن و بە دەست هێنانی خولـی عێراق بە فیرۆ چـوو، چونکە نەمانتوانی بەشـداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەین و ئێمە وەکو یاریزانەکان بە بەردەوامی مەشـقی خۆمان ئەنجام دەدا واتە خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە بە باشـی ئامادە کردبـوو، بەشـداری نەکردنمان زۆر کاری لێ کردیـن وەکو یاریزان چونکە هەموو ماندی بوونمان بەفیرۆ چوو، داواکاریشـم ئەوەیە کە چـۆن بایەخ بە یاری تۆپی پێ دەدەن ئاوهاش بایەخ بە یاری تۆپی باڵە بدەن و گرنگی پێ بدەن خۆ تەنیا تۆپی پێ لە کوردسـتان نییە و هیـوادارم چاوێك بە یارییەکانی تریش بخشـێننەوە و بایەخی پێ بدەن و ئێمە تەنیا بە یاریزانی کورد توانیمان خولی عێراق بە دەسـت بێنین و ئێمە پێمان خۆشـە وەکو کورد لە هەموو بوارێك پێش هەموو وڵاتێك بکەوین، تا ئێستاش ئێمە لە لایەن عەرەبەوە دژایەتی دەکرێن بۆیە داوا لە وەزیری وەرزش و لاوان دەکەم ئەگەر پشتگیریمان ناکات با هانمان بدات بۆ ئەوەی وەرەمان بەرز ببێتەوە، هەروەها زۆر گرنگە هـەر یارییەك هاندەری خۆی هەبێت لە بەرپرسـەکان چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری بە دەستهێنانی ئەنجامی باش.

**لە کۆتایشـدا ئەحمەد مەحمود یاریزانی یانەی هەولێر لە تۆپی باڵە گوتی:**

بەهـۆی نەبوونی بودجە و پارە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە پێشـبینی خۆم بەشـداری نەکردنمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە زیاتر بایەخ بە یاری تۆپی پێ دەدەن و گشـت پارە بۆ تۆپی پێ سـەرف دەکرێت بـە پێچەوانەوە بۆ یارییەکانی تر هیچ برە پارەیەك سـەرف ناکرێت و بەهۆی بەشـداریکردنی یانەی هەولێر لـە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاسـیا گشـت پارەکە بۆ تیپی تۆپی پێ سـەرف کـرا بۆیە ئێمە بەشـداریمان نەکرد لـەم پاڵەوانیەتیە،بێگومانیش وەزارتی وەرزش و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان کەم تەرخەمە لە بەشداری نەکردنمان لەم پاڵەوانیەتیە، کە کاریگەریەکی زۆری لەسـەر وەرەی یاریزانەکانمان کرد کە نەیانتوانی بەشـداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەن، داواکارم کـە زیاتر بایەخ بە یـاری تۆپی باڵە بدەن و جەماوەریەکی تایبەتی خۆی هەیە.



وەلید عارەب عوسمان



ئەحمەد شەهاب ئەحمەد



ئەحمەد مەحمود